خەنسا فاتیح

## یاریزانی تۆپی فوتساڵی گازی باکوور:

# چیتر کەرکووک لە خولەکان بێبەش نەکەن

شاری کەرکووك هەموو کات جێگەی پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان و یانەکانی دەرەوەی شارەکەش سوودیان لە تواناکانی ڕۆڵەکانی ئەم شارە وەرگرتووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شارەکەش کچە یاریزان (خەنسا فاتیح)ـە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری کەرکووکە و قوتابی قۆناخی ئامادەییە و لە تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکوور یاری دەکات و ئەمساڵ بە پێی ڕێککەوتنێك رووی لە یانەی ئەفرۆدێت کردووە لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان و توانیویەتی لە یارییەکانی خولەکە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەوی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***ئاستی یاری تۆپی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا لە ئاستێکی زۆر باشی دەبینم و بەرەوپێشچوونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- لە راستیدا کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی خۆی لە خۆیدا دەبێتە گەورەترین گرفت، چونکە تواناکان لاواز دەکات، بەداخەوە تەنیا پێش پاڵەوانیەتییەکان گرنگی بە وەرزشی کچان دەدرێت.

***وەکو کچە یاریزانێك پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوتساڵی کچان لە کوردستان بەرەوپێش بچێت؟**

- تا بکرێت پاڵەوانیەتی و کەمپی راهێنان زیاد بکەن و گرنگی بدرێت بە پێداویستییەکانی یاریزانان، تاوەکو هەست بکرێت کە وەرزشی کچانیش حیسابی بۆ دەکرێت، دارایی تیپەکانیش باشتر بکرێ.

*** بە بۆچوونی تۆ گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا رەنگی داوەتەوە؟**

- گرفتی زۆرمان هەیە و دێتە پێشمان، یەکێك لەوانە کەمیی یاریزانانە، لە تیپی گازی باکووری کەرکوك هەفتانە سێ جار مەشق دەکەین لە سەر حیسابی خۆمان و بە ئۆتۆمبێلی راهێنەر دەچین بۆ مەشقەکان، یەك کاتژمێر پێش مەشق دەبێ بچین یاریزانان کۆبکەینەوە، هیچ ئۆتۆمبێلیان بۆ دابین نەکردووین، بەڵام هۆکاری خۆشەویستیمان بۆ یارییەکە وای لێ کردووین، بەردەوام بین.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەست پێشکەش نەکراوە؟**

-لەم وەرزە بەهۆی بەشداری نەکردنی یانەی گازی باکوور یاریم بۆ یانەی ئەفرۆدێت کرد.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- وەکو هەموو یاریزانێکی تر خەونی من تەواوکردنی خوێندن و بەردەوامبوونمە لە وەرزشکردن.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە توانای یاریزانان و راهێنەری بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، بەڵام هەندێك جار ناچار دەبین بۆ یاریزانی بیانی، نەك راهێنەر، چونکە خۆمان خاوەن باشترین راهێنەرین لە کوردستان.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- بەڕاستی گلەیی زۆر هەیە، بەڵام ئەوەی من و شارەکەم دەمەوێت ئەوەیە کە چیتر کەرکووك بێبەش نەکەن لە خولەکان وەك ئەو خولەی کە ساڵانە لە کوردستان بەڕێوەدەچێت.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بی لە یاریزانانی ئەو هەڵبژاردەیە؟**

- ئەوە هیوای هەموو یاریزانێکی کوردستانە، منیش خەونی گەورەم ئەوەیە یەکێك بم لەو یاریزانانەو یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بکەم.

*** لە هەڵبژاردەی فوتساڵی عێراقی داواکراوی؟**

- لە ئێستادا هیچ هەڵبژاردەیەك نییە بە ناوی فوتساڵی عێراق، تەنیا بۆ یاریگای گەورە دووجار بەشداریم کردووە.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی؟**

- مارسیلۆی بەڕازیلی

*** چۆن بوو بڕیارتدا یاری بۆ گازی باکوور بکەی؟**

- چونکە ئەو یانەیەمە بە باش زانی کە بتوانم ئاستی خۆم تێدا پێش بخەم لەسەر دەستی هەردوو راهێنەر مامۆستا قاسم و مامۆستا ئوسامە.

***خەون و هیوات لە ژیانی وەرزشیت چییە؟**

- هیوادارم بتوانم بگەمە یانەیەکی دەرەوەی عێراق و خزمەتی زیاتری وەرزش بکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات و هیوام بەردەوامیتانە.



# خشتەی یارییەکانی جامی جیهانیی ٢٠١٨

وا بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە یارییەکانی جامی جیهانیی (٢٠١٨) لە وڵاتی ڕووسیا دەست پێبکات، بە بەشداریی (٣٢) هەڵبژاردە کە بەسەر هەشت کۆمەڵ دابەش بوون.

ئا: ڕێبین ڕەمزی



### کۆمەڵەی یەکەم
- ڕووسیا
- سعودیە
- میسر
- ئۆروگوای

### کۆمەڵەی دووەم
- پورتوگال
- ئیسپانیا
- مەغریب
- ئێران

### کۆمەڵەی سێیەم
- فەرەنسا
- ئوستراليا
- پیرۆ
- دانیمارک

### کۆمەڵەی چوارەم
- ئەرژەنتین
- ئیسلەندا
- کرواتیا
- نێجیریا

### کۆمەڵەی پێنجەم
- بەرازیل
- سویسرا
- کۆستاریکا
- سربیا

### کۆمەڵەی شەشەم
- ئەڵمانیا
- مەکسیک
- سوید
- کۆریای باشوور

### کۆمەڵەی حەفتەم
- بەلژیکا
- پەنەما
- تونس
- ئینگلتەرە

### کۆمەڵەی هەشتەم
- پۆڵەندە
- سەنیگال
- کۆلۆمبیا
- ژاپۆن



FIFA WORLD CUP
RUSSIA 2018

## پاڵەوانەکانی مۆندیال

تا ئێستا (٢٠) پاڵەوانێتی جامی جیهانی بەڕێوەچووە و ئەمەی رووسیا دەبێتە پاڵەوانێتی ژمارە (٢١) و پاڵەوانەکانی مۆندیال لەسەرەتای دەستپێکردنی تا دوایین پاڵەوانێتی لە ساڵی (٢٠١٤) بەمشێوەیە:

١٩٣٠: هەڵبژاردەی ئۆرگوای بووە پاڵەوان
١٩٣٤: هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بووە پاڵەوان
١٩٣٨: هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بووە پاڵەوان
١٩٥٠: هەڵبژاردەی ئۆرگوای بووە پاڵەوان
١٩٥٤: هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە پاڵەوان
١٩٥٨: هەڵبژاردەی بەرازیل بووە پاڵەوان
١٩٦٢: هەڵبژاردەی بەرازیل بووە پاڵەوان
١٩٦٦: هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بووە پاڵەوان
١٩٧٠: هەڵبژاردەی بەرازیل بووە پاڵەوان
١٩٧٤: هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە پاڵەوان
١٩٧٨: هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بووە پاڵەوان
١٩٨٢: هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بووە پاڵەوان
١٩٨٦: هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بووە پاڵەوان
١٩٩٠: هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە پاڵەوان
١٩٩٤: هەڵبژاردەی بەرازیل بووە پاڵەوان
١٩٩٨: هەڵبژاردەی فەرەنسا بووە پاڵەوان
٢٠٠٢: هەڵبژاردەی بەرازیل بووە پاڵەوان
٢٠٠٦: هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بووە پاڵەوان
٢٠١٠: هەڵبژاردەی ئیسپانیا بووە پاڵەوان
٢٠١٤: هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە پاڵەوان

## خشتەی یارییەکان بەکاتی کوردستان

| رۆژی | مێژوو | یاری | کات | یاریگا | یاری ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|
| پێنج شەممە | ٦/١٤ | روسیا — سعودیە | ٦ی | ئێوارە لۆژنیکی | ١ |
| هەینی | ٦/١٥ | میسر - ئۆرگوای | ٣ی ئێوارە | ئیکاترینبێرگ ئەرینا | ٢ |
| هەینی | ٦/١٥ | مەغریب — ئێران | ٦ی ئێوارە | سان پیترسبۆرگ | ٣ |
| هەینی | ٦/١٥ | پورتوگال - ئیسپانیا | ٩ی شەو | فیشت | ٤ |
| شەممە | ٦/١٦ | فەرەنسا - ئوستralیا | ١ی نیوەڕۆ | کازان ئەرینا | ٥ |
| شەممە | ٦/١٦ | ئەرژەنتین - ئەیسلەندا | ٤ی ئێوارە | ئەرینا بالتیکا | ٦ |
| شەممە | ٦/١٦ | پیرۆ - دانیمارك | ٧ی ئێوارە | مۆردافیا ئەرینا | ٧ |
| شەممە | ٦/١٦ | کرواتیا - نیجیریا | ١٠ی شەو | کالینگراد | ٨ |
| یەکشەممە | ٦/١٧ | کۆستاریکا - سربیا | ٣ی ئێوار | سامارا ئەرینا | ٩ |
| یەکشەممە | ٦/١٧ | ئەڵمانیا - مەکسیك | ٦ی ئێوارە | لۆژنیکی | ١٠ |
| یەکشەممە | ٦/١٧ | بەرازیل - سویسرا | ٩ی شەو | رۆستۆف ئەرینا | ١١ |
| دووشەممە | ٦/١٨ | سوید - کۆریا | ٣ی ئێوارە | نیژنی | ١٢ |
| دووشەممە | ٦/١٨ | بەلژیکا — پەنەما | ٦ی ئێوارە | فیشت | ١٣ |
| دووشەممە | ٦/١٨ | تونس - ئینگلتەرا | ٩ی شەو | ڤۆلگۆگراد | ١٤ |
| سێشەممە | ٦/١٩ | پۆلەندا - سەنیگال | ٦ی ئێوارە | بالتیکا | ١٥ |
| سێشەممە | ٦/١٩ | کۆلۆمبیا - ژاپۆن | ٣ی ئێوارە | مۆردافیا ئەرینا | ١٦ |
| سێشەممە | ٦/١٩ | روسیا - میسر | ٩ی شەو | کریستۆفسکی | ١٧ |
| چوارشەممە | ٦/٢٠ | ئۆرگوای - سعودیە | ٦ی ئێوارە | رۆستوف ئەرینا | ١٨ |
| چوارشەممە | ٦/٢٠ | پورتوگال - مەغریب | ٣ی ئێوارە | لوژنیکی | ١٩ |
| چوارشەممە | ٦/٢٠ | ئیسپانیا - ئێران | ٩ی شەو | کازان ئەرینا | ٢٠ |
| پێنجشەممە | ٦/٢١ | فەرەنسا - پیرۆ | ٦ی ئێوارە | ئیکاترنبێرگ ئەرینا | ٢١ |
| پێنجشەممە | ٦/٢١ | دانیمارك - ئوسترالیا | ٣ی ئێوارە | سامارا ئەرینا | ٢٢ |
| پێنجشەممە | ٦/٢١ | ئەرژەنتین - کرواتیا | ٣ی ئێوارە | نیژنی | ٢٣ |
| هەینی | ٦/٢٢ | نیجیریا - ئەیسلەندا | ٦ی ئێوارە | ڤۆلگۆگراد | ٢٤ |
| هەینی | ٦/٢٢ | بەرازیل - کۆستاریکا | ٣ی ئێوارە | کریستۆفسکی | ٢٥ |
| هەینی | ٦/٢٢ | سربیا - سویسرا | ٩ی شەو | کالینگراند | ٢٦ |
| شەممە | ٦/٢٣ | ئەڵمانیا - سوید | ٩ی شەو | فیشت | ٢٧ |
| شەممە | ٦/٢٣ | کۆریا — مەکسیك | ٦ی ئێوارە | رۆستۆف ئەرینا | ٢٨ |
| شەممە | ٦/٢٣ | بەلژیکا — تونس | ٣ی ئێوارە | بالتیکا | ٢٩ |
| یەکشەممە | ٦/٢٤ | ئینگلتەرا - پەنەما | ٣ی ئێوارە | نیژنی | ٣٠ |
| یەکشەممە | ٦/٢٤ | پۆلەندا — کۆلۆمبیا | ٩ی شەو | کازان ئەرینا | ٣١ |
| یەکشەممە | ٦/٢٤ | ژاپۆن - سەنیگال | ٦ی ئێوارە | ئیکاتیربیرگ ئەرینا | ٣٢ |
| دووشەممە | ٦/٢٥ | ئۆرگوای - روسیا | ٥ی ئێوارە | سامارا ئەرینا | ٣٣ |
| دووشەممە | ٦/٢٥ | سعودیە - میسر | ٥ی ئێوارە | ڤۆلگۆگراد | ٣٤ |
| دووشەممە | ٦/٢٥ | ئیران - پورتوگال | ٩ی شەو | مۆردافیا ئەرینا | ٣٥ |
| دووشەممە | ٦/٢٥ | ئیسپانیا - مەغریب | ٩ی شەو | کالینگراد | ٣٦ |
| سێشەممە | ٦/٢٦ | دانیمارك - فرەنسا | ٥ی ئێوارە | لۆژنیکی | ٣٧ |
| سێشەممە | ٦/٢٦ | ئوسترالیا — پیرۆ | ٥ی ئێوارە | فیشت | ٣٨ |
| سێشەممە | ٦/٢٦ | نیجیریا - ئەرژەنتین | ٩ی شەو | کریستۆفسکی | ٣٩ |
| سێشەممە | ٦/٢٦ | ئەیسلەندا - کرواتیا | ٩ی شەو | رۆستۆف ئەرینا | ٤٠ |
| چوارشەممە | ٦/٢٧ | سربیا - بەرازیل | ٩ی شەو | بالتیکا | ٤١ |
| چوارشەممە | ٦/٢٧ | سویسرا - کۆستاریکا | ٩ی شەو | نیژنی | ٤٢ |
| چوارشەممە | ٦/٢٧ | کۆریا - ئەڵمانیا | ٥ی ئێوارە | کازان ئەرینا | ٤٣ |
| چوارشەممە | ٦/٢٧ | مەکسیك - سوید | ٥ی ئێوارە | ئیکاتیربیرگ ئەرینا | ٤٤ |
| پێنجشەممە | ٦/٢٨ | ئینگلتەرا - بەلژیکا | ٩ی شەو | کالینگراد | ٤٥ |
| پێنجشەممە | ٦/٢٨ | پەنەما - تونس | ٩ی شەو | مۆردافیا ئەرینا | ٤٦ |
| پێنجشەممە | ٦/٢٨ | ژاپۆن - پۆلەندا | ٥ی ئێوارە | ڤۆلگۆگراد | ٤٧ |
| پێنجشەممە | ٦/٢٨ | سەنیگال - کۆلۆمبیا | ٥ی ئێوارە | سامارا ئەرینا | ٤٨ |



## یارییەکانی قۆناغی ١٦

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | ٦/٣٠ | یەکەمی کۆمەڵەی یەکەم - دووەمی کۆمەڵەی دووەم | ٩شەو | فیشت | ٤٩ |
| شەممە | ٦/٣٠ | یەکەمی کۆمەڵەی سێیەم - دووەمی کۆمەڵەی چوارەم | ٥ئێوارە | کازان ئەرینا | ٥٠ |
| یەکشەممە | ٧/١ | یەکەمی کۆمەڵەی دووەم - دووەمی کۆمەڵەی یەکەم | ٥ی ئێوارە | لۆژنیکی | ٥١ |
| یەکشەممە | ٧/١ | یەکەمی کۆمەڵەی چوارەم - دووەمی کۆمەڵەی سێیەم | ٩ی شەو | نیژنی | ٥٢ |
| دووشەممە | ٧/٢ | یەکەمی کۆمەڵەی پێنجەم - دووەمی کۆمەڵەی شەشەم | ٥ی ئێوارە | سامارا ئەرینا | ٥٣ |
| دووشەممە | ٧/٢ | یەکەمی کۆمەڵەی حەفتەم - دووەمی کۆمەڵەی هەشتەم | ٩ی شەو | رۆستۆف ئەرینا | ٥٤ |
| سێشەممە | ٧/٣ | یەکەمی کۆمەڵەی شەشەم - دووەمی کۆمەڵەی پێنجەم | ٥ی ئێوارە | کریستۆفسکی | ٥٥ |
| سێشەممە | ٧/٣ | یەکەمی کۆمەڵەی هەشتەم - دووەمی کۆمەڵەی حەفتەم | ٩ی شەو | بالتیکا ئەرینا | ٥٦ |

## یارییەکانی قۆناغی هەشت

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەینی | ٧/٦ | براوەی یاری ژمارە ٤٩ - براوەی یاری ژمارە ٥٠ | ٥ی ئێوارە | نیژنی | ٥٧ |
| هەینی | ٧/٦ | براوەی یاری ژمارە ٥٣ - براوەی یاری ژمارە ٥٤ | ٩ی شەو | کازان ئەرینا | ٥٨ |
| شەممە | ٧/٧ | براوەی یاری ژمارە ٥٥ - براوەی یاری ژمارە ٥٦ | ٥ی ئێوارە | سامارا ئەرینا | ٦٠ |
| شەممە | ٧/٧ | براوەی یاری ژمارە ٥١ - براوەی یاری ژمارە ٥٢ | ٩ی شەو | فیشت | ٥٩ |

## یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سێشەممە | ٧/١٠ | براوەی یاری ژمارە ٥٧ - براوەی یاری ژمارە ٥٨ | ٩شەو | کریستوفسکی | ٦١ |
| چوارشەممە | ٧/١٠ | براوەی یاری ژمارە ٥٩ - براوەی یاری ژمارە ٦٠ | ٩شەو | لۆژنیکی | ٦٢ |

## یاری پلەی سێیەم و چوارەم

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | ٧/١٤ | دۆڕاوی یاری ژمارە ٦١ - براوەی یاری ژمارە ٦٢ | ٥ی ئێوارە | کریستوفسکی | ٦٣ |

## یاری کۆتایی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکشەممە | ٧/١٥ | براوەی یاری ژمارە ٦١ - براوەی یاری ژمارە ٦٢ | ٦ی ئێوارە | لۆژنیکی | ٦٤ |






# برایەتی بەشداری وەرزی نوێی خولی پاڵاوتنی عێراق دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی برایەتی ئەمساڵ بە تیپێکی تۆکمە بە دیار کەوت لە یارییەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەکەش تا رادەیەك بڕیاری خۆیان داوە لە ئیدارەی یانەکە بۆ بەشداریکردنی لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی پاڵاوتن و سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لەم بارەشەوە بەشدار سەربەست سکرتێری یانەی وەرزشی برایەتی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بڕیاری ئەوەمان داوە کە ئەمساڵ بە فەرمی بەشداری یارییەکانی وەرزی نوێی خولی پاڵاوتنی یارییەکانی عێراقی بکەین، ئامانجیشمان تەنیا بەشداریکردن نییە، بەڵکو تیپی ئێمە ئەمساڵ دەمانەوێ هەنگاو بۆ خولی عێراقی بهاوێین و بۆ سەرکەوتنیش بۆ خولی نایابی عێراقی یاری دەکەین و دەمانەوێ لەو خولە گەورەیە بەشداری بکەین.» گوتیشی: «هەوڵدەدەین بە یاریزانانی خۆمان بەشدارییی ئەو خولە بکەین و هەوڵیش دەدەین تیپێکی تۆکمە دروست بکەین بۆ ئەوەی بتوانین کێبڕکێ بکەین و ئەنجامی گەورە تۆمار بکەین و بتوانین تیپی برایەتی لە خولی نایابی عێراقی ببینین».

# هەولێر خۆی بەهێز دەکات

بە مەبەستی زیاتر چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ گەیشتنەوە بە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بە سەرپەرشتیی راهێنەر عەبدول وەهاب عەلی، ئەمساڵ دەیەوێت تیپێکی تۆکمە بۆ یارییەکانی پاڵاوتن و سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی لە ئێستاوە مسۆگەر بکات، دوای ئەوەی تیپەکە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەشداری کردو ئەو راهێنەرە عەرەبە سەرپەرشتیی مەشقی تیپەکەی کردو چاودێریی چڕی یاریزانانی یانەکانی تری خولی کوردستانی کرد، کارگێڕی یانەکەش جگە لە مۆرکردنی چەندین گرێبەستی یاریزانی عەرەبی یانەکانی تری عێراقی ئێستاش گرێبەستی ژمارەیەك لە ئەستێرەی یانەکانی کوردستان مۆرکردووە بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بە هەر جۆرێك بێت، بتوانن یانەکە بگەیێننەوە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی هەولێر گرێبەستی کردووە لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (سەلام ئەحمەد و دلێر حاتەم و ئاراس مستەفا و وەلید سەلمان) لە یانەی زێرەڤانی پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و (شوان مامۆ و تالیب رەقیب) لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر کە پێشووتریش یاریزانی یانەی هەولێر بووینە، (دیار یاخی) لە یانەی برایەتی دووەمی ریزبەندی یانەکانی کوردستان ئەم یاریزانانەش لە هێڵەکانی گۆڵپارێز و بەرگری و ناوەڕاست و هێرشبەر یاری دەکەن، ئەمساڵ ئاستی بەرزیان لەگەڵ یانەکە پێشکەش کردووە لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی خۆیان بە یەکەوە بەشداری خولی عێراقی دەکەن، هەرچەندە یانەی هەولێر زیاتر لە یازدە یاریزانی خۆی نەهێناوە لە خولی کوردستانی هێشتوونەتەوە، لەبارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ چاومان لەوەیە بتوانین تیپەکە بگەیێنینەوە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بۆیە لە ماوەی رابردوو ئامادەکاریی باشمان بۆ کردووە، هێنانی ئەو پۆلە یاریزانەش بێگومان بەهێزییەکی تر دەبەخشێتە یانەکە، ئەوانەش هەمووی کوڕی کوردستان و یانەکانی کوردستانن و دەمانەوێ بەم یاریزانانە ئەنجامێکی باش تۆمار بکەین و جارێکی دی یانەی هەولێر بگەیێنینەوە خولی نایابی عێراقی.





# مانگی (١٠)ی ئەمساڵ خولی نایابی کوردستان دەستپێدەکاتەوە

دوای ئەوەی ئەم وەرزە بە بەشداریی نۆ یانەی شارەکانی کوردستان خولی نایابی یانەکانی کوردستان بە سەرپەرشتیی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بەڕێوەچوو، یەکێتیی ناوبراو لە کۆبونەوەی رابردووی خۆی بڕیاریدا بە دیاریکردنی رۆژی ٢٢ی مانگی دەی ئەمساڵ بە وادەی دەستپێکی یارییەکانی وەرزی نوێی خولەکە، لەبارەی دیاریکردنی ئەو رۆژەش، دڵشاد سالح ئەندامی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆمان بڕیارماندا بە دیاریکردنی رۆژی ٢٢ی مانگی ١٠ی ئەمساڵ بۆ دەستپێکردنی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان.» لەبارەی ژمارەی تیپەکانیش گوتی: «تاکو ئێستا دیار نییە چەند تیپ بەشداری لە خولەکە دەکات، چونکە ئەمساڵ دوو تیپ دابەزیوە بۆ خولی پلە یەك و هەشت تیپ ماوەتەوە، چوار تیپیش سەرکەوتووە لە خولی پلە یەکەوە بۆ خولی پلە نایابی یانەکانی کوردستان، بۆیە ئێمە لە مانگی حەوتی ئەمساڵ تیروپشکی وەرزی نوێ رادەکێشین، پێویستە لەسەر یانەکانیش پێش ئەو وادەیە بەشداری و بەشداری نەکردنی خۆیان بۆ ئەو خولە یەکلایی بکەنەوە.» لەبارەی تیپەکانی شاری کەرکووکیش گوتی: «تاکو ئێستا نازانین کە ئایا هەردوو یانەی کەرکووك و گازی باکوور بەشداری خولی پلە نایابی کوردستان دەبن، یاخود بەشداری ناکەن، بۆیە جارێك ژمارەی تیپە بەشداربووەکان بە دیاریکراوی دیار نییە، ئێمە چاوەڕوانی تیپەکان دەکەین، تاوەکو مانگی حەوتی ئەمساڵ بۆ ئەوەی بزانین رێوشوێنی بەشداریی تیپەکان چۆن دەبێ، ئەوکات یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر چۆنیەتی میکانیزمی بەڕێوەچوونی وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی کوردستان».